# Halgord


خاوەنی ئیمتیاز: خدر مستەفا سەرنووسەر: ئیسماعیل ئەحمەد جیگری سەرنووسەر: کەمال چۆمانی

دیزاینەر: مزەفەر حوسێن هەڵەبڕ: فەرمان محەممەد و فەرهاد خدر

تایپیست: پێشەوا فەقێ و نەسرین ئەحمەد halgord_ch2006@yahoo.com


# خۆشناو: متمانەم نییە شیعرێکی بەرز بخەمە بەردەست گۆرانی بێژێك و ئەو بتوانێت بە ئاست گەورەیی شیعرەکە ئاوازێکی باشی بۆ هەڵبژێرێت!

**ئا: پێشەوا فەقێ**

**هونەرمەند (خۆشناو ڕوستایی) لە ئایندەدا بەرنامەم ئەوەیە کە دابەشکردنەوەی مۆسیقا بۆ چەند بەرهەمێکی هونەرمەندی گەورە(ماملێ) بە شێوازێکی نوێ دابڕێژمەوە!**

هونەرمەند(خۆشناو محەمەدەمین ئەحمەد) ناسراو بە (خۆشناو ڕوستایی) لەساڵی ١٩٨٠ بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی برا گەورەکەیەوە (تەحسین ڕوستایی) لە ڕواندز لەلای مامۆستا(زرار) ئاشنای دونیای پاکی مۆسیقا بوە و کاریگەری تەحسینی برای بەسەرەوە بووە، هەروەها لە تاران لەلایەن مامۆستایان(مهیاری فەیروز بەخت)و (جەلالی زولفەنون)دراسەی مۆسیقای بە شێویەکی ئەکادیمی کردووە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ سیدیەکی گۆرانی کە خۆی لە (نۆ)تراك دەگرێت بە ناوی(سەمای گوڵ) بڵاوکردەوە کە لە چەند دەقێکی شیعری (مام هێمن و مەحوی)و چەند شیعرێکی فۆلکلۆر پێکهاتبوو، وەهەروەها دابەشکردنی مۆسیقاکەی لەلایەن خۆی و تەحسینی برایەوە کاری بۆ کراوە، لەوڵامی پرسیارێکمان کە ئایا لە بنەماڵەی هونەرمەند خۆشناو چەند کەسی هونەری و مۆسیقی هەن، ووتی: دڵشادی برا گەورەم کە شارەزاییەکی باشی هەیە لەم بوارەدا و وە خۆم و تەحیسنی براشم، هەروا من خۆم ئامێری تار و ساز دەژەنم و هەوڵم داوە بەپێی توانا شارەزایی لەم بوارەدا بەدەست بهێنم، لە ئایندەدا بەرنامەم ئەوەیە کە دابەشکردنەوەی مۆسیقا بۆ چەند بەرهەمێکی هونەرمەندی گەورە(ماملێ) بە شێوازێکی نوێ دابڕێژمەوە کە ڕادیۆی خاك ئەرکەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

سەبارەت بە ئەدای خۆی و هونەری ئێستای کوردی هونەرمەند خۆشناو گوتی:

من سەرەتا بەو ڕوانگە فراوانەوە نەهاتوومەتە ناو جیهانی هونەرەوە بە گشتی، بەڵکو زیاتر لە بواری مۆسیقادا کارم کردووە، وە بۆ ئەمەش ئەرکی من ئەوە نییە بە خۆم بڵێم(هونەرمەند) چونکە هونەرمەند بەدیدیی من زۆر لەوە گەورەترە، وە سەبارەت بە هونەری ئێستای کوردیش من متمانەم نییە شیعرێکی بەرز بخەمە بەردەست گۆرانی بێژێك و ئەو بتوانێت بە ئاست گەورەیی شیعرەکە گۆرانی و ئاوازێکی باشی بۆ هەڵبژێرێت، کە ئەمەش بەداخەوە وایکردووە کە هونەری کوردی بەڕێچکەیەکی ناتەندروستدا ڕێگەی خۆی بگرێت.

(خۆشناو ڕوستایی)لەوڵامی پرسیارێکمان سەبارەت بە نەبوونی هیچ گروپێکی مۆسیقی لە باڵەکایەتی دا ووتی: نەبوونی گروپێکی مۆسقی نەك هەر لە باڵەکایەتی، بەڵکو سۆرانیش لە هەمان قەیراندایە، سەرەڕای بوونی ئەم هەموو سەنتەرە بەتایبەت لە سۆران و چۆمان، بەداخەوە کە نەیانتوانیوە هیچ گروپێکی مۆسیقی دروست بکەن! من خۆم ئامادەیی ئەوەم تێدایە، وە چەند جارێك داوام لە بەرپرسان و لایەنی پەیوەندیدار کردووە کە شوێنێکم بۆ دابین بکەن و هاوکاریم بکەن بۆ ئەوەی بێم گروپێکی مۆسیقی لە چۆمان دروست بکەم، بەڵام بەداخەوە هیچ وڵامێکیان بۆم نەبووە.

هەفتەنامەی هەڵگورد: سوپاس بۆ ئەم کاتە جوانەی کە بۆ ئێمەت تەرخانکردو هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین.

هونەرمەند خۆشناو ڕوستایی: زۆر سوپاس بۆ ئێوە، هیوای سەرکەوتنان بۆدەخوازم، هەفتەنامەکەتان خزمەتێکی باشی بە دەڤەری باڵەکایەتی کردووە.




## سۆراو

## سۆر

# چاوی سیاسەت و جۆرەکانی تر ...

***ئیبراهیم گەلەژێری**

بێ چاو نەبێت روناکی و هیچ شتێك نابینین زۆر کەس بەهۆی نەبونی چاوەوە ژیان دەدۆرێنن هەرچی جوانی ژیان هەیە بە چاوی ئاسایی خۆیان نابینن ، بەردەوامیش چاو سەیری هەمووشتە قەدەغە کراوەکان دەکات بۆ نمونە چاو هەیە وەك چاوی بەرپرسە بەرێزەکانی ئەم هەرێمە هەمیشە هیوایان دروست کردنی ڤێلاو ژیانی خۆشە ، وە چاوی زۆرێك لە بەرێوەبەرانیش تا سەری مانگ لەپێشینەی مانگانەیە ، چاوی هەندێك لە بەرپرسە دامەزراوە رۆشنبیریەکانیش بەرامبەر بەچالاکی جدی زۆر کزە ، باس لە چاوی ئەو شۆفێرانەش ناکەم کە بەخێرایەکی زۆرو بێ مۆڵەت و بەئۆتۆمبێلی حکومی بەئارەزوی خۆیان لەسەر دوو سایدەکەی چۆمان دەسورێنەوە رەنگ بێت سورانەوەی ئەوان جوانتر شت بێت لە ئێوارنی بێدەنگی شاردا ، چاوی بەرێزێکی ئەم چۆمانەی خۆمان بەردەوام لەسەر زبڵ و پاشماوەی ئەو ماڵانەی گەرکی شەهیدان و شۆرشە کەفرێدەدەنە ژێر پردی دێلزە بەر لە پردەکە بۆتە زبڵدانێکی گەورە ئەو پێی سەیرە کە چاوی هاوسێ کان چۆن قبوڵ دەکەن چونکە باسی چاوی شارەوانی ناکەم نەکا نەی دیبێ چونکە بەدیتنی رەنگە هەموو کەس پێ ی سەغەڵت بین ئەی کێ چارەسەری دەکا ؟ خوا هەڵناگرێ چاوی بازرگانان تیژتر چاون ئەکرێ هەموومان لە چاوی ئەوانەوە فێربین شت ببینن ئەگەر بێت و لە تایوان بیرۆکەی کەم چاندنی برنج هەبێت ئەوا رێك لەم شارەی خۆمان بۆ هەر کیلۆیەك پێنسەدی یەکی سەوزی دەخەنە سەر ، رەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە بزوتنەوەی کشتوکاڵی خەریکە لای خۆمان زەمەنێکی زۆرتربخایەنێ بۆ ئەوەی بتوانین پشت بە کەمترین جۆری کشتوکاڵ کردن ببە ستین ، ئەوەی زۆر گرنگە لەم شارەبچوکەی خۆمان لە چاوی کرێچیەکان ژیان زۆرسەخت بووە هەر ساڵە و جۆرێك لە کرێ ی زۆرو گواستنەوەی بەردەوامی ماڵەکانیان وای لێکردون کە بەردەوام چاویان بخەنە سەر حکومەت تا ئەو کاتەی کە هیچ نەبێت کەمێك لە ئازارەکانیان کەم بکرێتەوە چونکە کرێ یەکان ساڵ بۆ ساڵ زیاتر دەبن و هیچ مافێکیشیان بۆ دەسەبەرنابێت بۆچاوەکانی ئەوان هێدی هێدی بەدیار موچەی کەمی ژیان کزدەبن و کرێچیە فەرمانبەرەکانیش بەچاوی خۆم بینیم ئامۆژگاری برا فەرمانبەرە سەلتەکانیان دەکرد کە نەکەن خۆیان توشی ژیانی خێزانداری بکەن وەك دەیان ووت بە چاوی خۆتان دەبینن لە ماوەی ئەم چەند مانگە زێر چی بەسەر هات ، هاووڵاتیان بەگشتی ئەمساڵ لەسەرەتای زستانن و گشتیان چاویان بریوەتە حکومەت بۆ ئەوەی سوتەمەنیان بۆ دابین بکرێت بەبەر چاوی هەموو لایەکیشەوە رۆژانە دەبینرێت کە دارستانەکانی باڵەکایەتی کەوتونەتە بەر رەحمەتی برین و مشاری کارەبایی کەرەنگە بەم شێوەیە بروات گردەکان و شوێنی دارستانەکان جارێکی تر بۆشایەیەك دروست بکەنەوە دەوروبەرمان ناشرین بکەنەوە ،بەڵام بائەو جۆرە چاوانە بەجێبهێڵین و روو بکەینە ووتەی ئەم هاورێیە بێ چاوەم کە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە کە ماوەیەك بەر لە ئێستا لەکاتی ئازادکردنی دیلەکانی تورکیا چەند ئارەزو بوو کە رێو رسمەکە ببینێ کە بە هۆی کوێری هی چی نەدەدی، کە چی بەدیتنی رێورەسمەکە لە چاوی جەمیل چیچەك دا بەجۆرێکی تربوو ئەو بەچاوی خۆی توشی شۆك بوو کە بینی کورد بە گیانی خەبات کردن و لێبوردەیی دەورانێتە مەسەلەکان لەجیاتی ئەوەی هەڵەکە بقۆزرێتەوە چیچەك بەرامبەر چاوی کامیراکاندا ووتی (ئازاد بونی دیلەکان ئەوە دەسەلمێنی کە دەسەڵاتی کوردستان پەیوەندی توندی لەگەڵ پەکەکە هەیە ) بەڕاستی سەیرکردنی مەسەلەکان بەچاوی ئەوان جۆرێکی ترە ، بۆیە دەکرێ ئێمەش چاوی سیاسەتمان لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە بگۆڕین کەچی نەك ناگۆڕین بەڵکو لە بەغداوە لەبەردەم چاوی هەموو خەڵکدا سەرکردەکانمان پەکەکە بە تیرۆرست وەسف دەکەن ..




## کچی پایز

کچی پایز بەرهەمی شیعری (رزگار حەمەد ئیبراهیم)ناسراو بە (تەنیا بورەیی)یەو کەوتە بەردیدی خوێنەران، لەپەیوەندیەکدا ناوبراو پێی ڕاگەیاندین " ئێستا بەرهەمێکی ترم لەژێر چاپدایە بەناوی (دەریای ئەوین) وە لەداهاتووشدا ڕۆمانێك بڵاو دەکەمەوە.

بەناوی هەفتەنامەکەمانەوە پیرۆزبایی لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆدەخوازین

## بانگەوازێك لە گوندی ( وەسان ) ی دۆڵی باڵەیان

دۆڵی باڵەیان نزیکەی چواردە گوند دەبێت و سەر بە قەزای چۆمانە ، هەریەکێك لەم گوندانە خوێندنگای سەرەتایی خۆیان هەیە ، گوندی وەسانیش یەکێکە لەم گوندانەو لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تا پێنجەمی دواناوەندی دەوامی ئاسایی لێدەکرێت ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ یەکێك لەم دێیانە شوێنێکی تایبەت بە گەنجان و خوێندکاران و مامۆستایانی نیە رووی تێبکەن و بتوانن پشوویەکی لێبدەن ، جگە لەوەش ناوچەکە بێبەشە لە کتێبخانە ، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەیەکی دوورە دەستە و ناتوانرێت وەکو پێویست رۆژنامە و گۆڤاری پێبگات ..ئێمەش وەکوکۆمەڵە گەنجێکی گوندی (وەسان) کە بەدەر نین لە توێژی گەنجان دەمانەوێ ئەم ئەرکە بخەینە سەرشانی خۆمان ، وەك دڵسۆزی بۆ ناوچەکەمان و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سەقافیەی لە ناوچەکەدا دروست بووە لە ئەنجامی نەبوونی ناوەندێك بۆ توێژی گەنجان ، بۆیە دەمانەوێ کتێبخانەیەکی گشتی لەگوندەکەمان بکەینەوە ،، ئێستاش لە سەرەتای دەست پێکردنی کارەکەمان داین ، بێگومان ئەرك و ماندوبوون و پێداویستی زۆریشی دەوێ , بۆیە داواکارین کە هەر بەرێزێك یاخوود لایەنە پەیوەندیدارەکان و خەڵکی خێرخوازی وڵاتەکەمان لە خۆیان ڕائەبینن دەستی هاوکاریمان بۆ درێژ بکەن و بە هەوڵ و ماندوبوونی هەموو لایەك بتوانین ئەم کتێبخانەیە بکەینەوە ، هەر جۆرە هاوکاریەکیش بێت چ لە بواری مادیەوە چ پێشکەشکردنی کتێب، بۆشاییەکمان بۆ پڕ ئەکاتەوە. ئەمەش جێگای فەخرو شانازیە و ڕێزگرتنیشە لە ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی دەڤەرەکەمان . هەر کەس و لایەنێکیش دەیەوێ هاوکاریمان بکات ئەوە دەتوانن لە ڕێگای ئەم ئیمەیل و ژمارەتەلەفۆنانەی خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن .

shwanwasan@yahoo.com

شوان عەبدوڵا وەسانی 0730 112 5733

وریا نەبی وەسانی 0750 424 4830





خـــــەمی کامیان گەورەتـــرە.....داهـــــاتـــوویـــیـــەکی گـــەش لە چـــاوەڕوانی کـامـــیانـە.....؟!